# وتارەکەی دکتۆر بەرهەم سالح و سەرنجێك

کازیوە سالح

پاش ئەوەی کە دوازدە سالە حزب و حزبایەتی لە بری رێکخستن و یەکحستنی مالی کوردی و دابین کردنی خۆشگوزەرانی بۆ خەلکی کوردستان، بووە بە مایە ی ئاژاوە گێری و خوێن رشتن و شەر و پەرتکردنی کۆمەلایەتی.

لەبری بەهێزکردنی رۆحی نیشتمانپەروەری و خۆشەویستی و برایەتی و مافخواستی لە دەروونی تاکی کوردا، ڤایرۆسی دووبەرەکی و رک و گومان و جارێکی دی بەرهەمهێنانەوەی ئاکاری دکتاتۆریانەیان بلاوکردەوەو خۆێنی هەلبجەوئەنفال و مردنی بە کۆمەلیان کردە بۆتەی بێ منەتی و سەرمەستی و غروری حزبیانە و هیچ کام لە دەسەلاتەکانیش هێندەی غەم خواردن بۆ (ام عودی) غەمی ئەم دەردە کوشندەیان نەخوارد.

ئێستا پاش رزگار بوونی عێراق لە دەست رژێمە دکتاتۆرە و خوێن رێژەکەی بەغدا، دکتۆر بەرهەم ئەحمەد سالح سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی ئیدارەی یەکێتی، بانگەشەی سەکۆیەک بۆ خواست و ئیرادەی گەلی کورد دەکات لە رێگەی چوار چێوە خستنی دیمورکراسیانەی ئەزموونی رزگاری خوازی گەلی کوردەوە، ئەویش بە رۆح وەبەرهێنانەوەی پەرلەمانی شەهیدکراوی دووبەرەکی و شەری ناوخۆوهەروەها یەکخستنەوەی مالی کوردی وئامادەباشی بۆ ئەو مەسەلەیە لە رێگەی یەکخستنەوەی هەردوو ئیدارەی کوردستان و لە بری هەردوو، دامەزراندنی حکومەتێکی ئینتقالی (حکومەتی یەکگرتنی نیشتمانی) .

دیارە ئەمە هەلوێستێکی شیاوەو جوانە و پێویستە لە هەموو دەسەلاتدارە لاوەکان بوەشێتەوە کە کۆمەلانی خەلک چاوەروانی پراکتیکردنی پرۆسەی دیموکراسیان لێ دەکەن بە کردەوە نەک بە قسە، بەلام پێویستە سەرجەم گەلی کورد سوپاسی ئەمەریکا بکاو بلێ دەست و گەردنت بالا چونکە تەنها گەلی کوردت لە دکتاتوریەتی سەدام و سەدامنیزمەکان رزگار نەکرد، بەلکو فشارێکت خستە سەر حزبەکان کە باوەر بە یەکخستنی مالی کوردی و ئاوەردانەوەی لە پەرلەمانی ئیفلیج کراو بدنەوە . . . دەنا هەر لەو رۆژەی شەری بەدناوی ناوخۆ ی نێوان هەردوو دەسەلاتەکە دەستپێکرد و سازش و لەبلەبانیان دەسپکرد بەرامبەر بە دوژمنە جۆراوجۆرەکانی کورد بە خاتری زیانگەیاندن بە یەک، گەلی کورد و رۆشنبیرانی کورد ئەوانە لەو جەنگەشدا وەکو سەردەمی بەعس رۆلگێر نەبوون هاوار دەکەن و دەنووسن بۆ یەکخستنی مالی کوردی پەرتەنەکردنی وزەکان و بەرژەوەندیەکانی خەلکی کورد، بەلام زۆربەی ئەو کەسانەی ئەم داوایەیان دەخستە روو، رووبەرووی ململانیەی ناشیرین وسزادەبوونەوە بە تایبەت بە نووسی بابەتی نابابەتیانە بە پێنوسی جاش قەلەمەکانی رابردوو ئێستای دەسەلاتەکان و، هەندێکیش هێندە سەغلەت کرا لە سەر ئەم داوا رەوایەی خەلکی کورد تا ناچار کوردستانیان پێ جێهێشت و قسەکانیان کفرێکی حەلاجانە بوون.

ئێستاش کە لە سایەی هێز ی ئەمەریکادا گەشتن بەو متمانەیە، پێویستە بپرسرێت ئایە بەرژەوەندی کۆمەلانی خەلکی کوردستان تەنها بە یەکخستنی ئەو دوو ئیدارەیە وەدی دێت و یان پێویستیان بە خوێندنەوەو پیاچونەوەی بابەتیانە هەیە، ئەویش یەکەم هەنگاو بە دەست لە کاری حزبی کێشانەوەی هەر کام لە سەرۆکی دوو ئیدارە کوردیکە رێزداران (دکتۆر بەرهەم سالح و نێچیرەڤان بەرزانی) کە دەبێت بە سەرۆکی ئەو حکومەتە یەکگرتووە بۆ ئەوەی کارەکەیان مۆرکی راستەقینەی کاری حکومەت و پنتەکانی دیموکراسی پێوە دیاربێت، لە بەردەم کومەلانی خەلکی کوردستاندا سوێندی یاسایی بخون

که ئەوان بوون بە مولکی خەلک، نەک خەلک ببێت بە مولکی ئەوان، بە پێی بەرژەوەندی و نزیکی حزبی لە بەرژەوەندی تاک کورد بپرسنەوە، خۆ ئەگەر هیچ کام لەم دوو بەرێزە نەبوون بە سەرۆکی حکومەتی یەکگرتن ئەوا پێویستە کەسێکی سەربەخۆ و جەسوور هەلبژردرێت کە بتوانیت لە بەرامبەر خواستی حزبەکاندا بەرگری و داکۆکی لە بەرژەوەندی ومافی کۆمەلانی خەلک و تاکی کورد بکات، نرخ و بەها بۆ هەلەبجە و ئەنفال و کارەساتە جەرگ برەکان و مردنی بە کومەلی گەلەکەمان دابنێت نەک لە کاتی بارودوخ و بەرژەوەندی حزبیدا ئەمانە بکەونە بازنەی پەسەند کردن و رەتکردنەوەوە . . . خۆ ئەگەر ئەمە نەکرێت و ئەوانەی دەسەلاتی حکومەت کە بەرژەوەندی جەماوەر دەکات، ئەوا جارێکی دی مافی خەلکی کوردستان ژێر پێ دەخرێت بە پێی بەرژەوەندی حزبی و نزیک بوون و پابەند بوونی لە حزبەکەدا مافی دەبێت، خۆ ئەگەر لە بۆشایەکیشدا بچوکترین ماف و خواستی کەسێکی نا حزبی بە جێ هێنرا، وەکو پێشتر بینیمان حزبەکە بە هەموو هێزی فشاری نەشیاو ناشیرین دەخاتە سەر کەسەکەو بۆ ملکەچ کردن و ژێر رکێف خستنی وەکو خۆیی هەمیشەیی حزبەکانیش ئەلێن هاوکاری دەکرێت یان بە مافەکانی دەگات و ملکەچیشمان نابێت . . . چونکە حکومەت کوری نازداری حزبە نەک جەماوەرو کۆمەلانی خەلک و هاوکاری و مافیش تەنها بو خەلکانی خۆیان و هەوادران و سازشکەرانی خۆیانە نەک بۆ سەرجەم جەماوەر بەبێ جیاوازی

2003-6-17

**تێبینی کوردستان نێت:**

**ئەم نووسینە بیروبۆچونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەڕۆکەکەی بەرپرسیار نییە.**